## (یانەی کوردی میدیا لەشاری دیڵفت) پشتیوانی لەئازادی بۆ د.کەمالی سەید قادر دەکەن

لەکاتێک دا ڕەوەندی کورد لەتاراوگەڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووەلەڕێکخستن و هاند ەری تاکی کورد بۆ بەشداری کردنیان لەو پرۆسەچارەنووس سازانەی ناوەوەی وولات لەڕۆیشتنیان بەر ەو سندوقەکانی دەنگ دان بەهیوای بەدیهێنانی کۆمەڵگایەک کەچەمکەکانی دیموکراسیەت ماف و ئازادیەکانی کەسێتی کورد ڕێک بخات دوور لەدەسەڵاتی حیزب لەتێکەڵاو نەکردنی کێشەو گرفتەکان بەگیانی تۆڵەسەندنەوەدوور لەبنەماکانی مافی مرۆڤ کەئەمەدەبێتەفاکتەری ناشرین کردنی سیمای ئەزموونەکەمان لەلەدنیای دەرەوە، کەیانەکەمان ساڵانێکەکارو چالاکیەکانی لەو بوارەدا خەملاندووە.

سزادانی د.کەمال سەیدقادر بە٣. ساڵ زیندان بەهەرجۆرەهۆکارو بیانویەک لەدادگایەکی نهێنی و داخراودا گورزێکی ترسناکەلەپایەکانی ئازادی ڕادەڕبرین وەدەستپێشخەریەکی ترسناکیشەلەتێکشکاندی باوەڕی ڕەوەندی کورد لەدەرەوەی وولات بەدەسەڵاتی سیاسی کورد کەئەمەش جۆرێک لەڕەشبینینمان لەلا بەرجەستەدەبێت.

بەناوی گشت ئەندامانی یانەکەمانەوەدەنگی خۆمان دەخەینەپاڵ گشت دەنگی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان بۆ ئازادی دکتۆر د. کەمال یاخود بەلایەنی کەمەوەسەر لەنوێ دادگایەکی ئاشکرای دادپەروارانەساز بکرێت کەپرنسیپەکانی مافی مرۆڤ سەروەر بێت، بەهیوای بەرقەراربوونی کۆمەڵگکایەکی هاوچەرخ لەکوردستان .

لیژنەی سەرپەرشتی
یانەی کوردی میدیا لەدیڵفت ___ هۆڵەندا
29. 12. 2005